# یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی یاسایەکی دواکەوتو و کۆنەپەرستانەیە و دەبێت هەڵبوەشێتەوە

ڕێبین فاروق
reben_faruq@yahoo.com



سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە ڕێکخراوێکی سەربە یەکێتی و پارتیە , فەترەیەك بەر لەئێستا پڕۆژە یاسایەکی کۆنە پەرستانەی لە چوارچێوەی فکر بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و ئیسلامیەکان ئامادەکردو بردیە بەردەم ئەندامانی پەڕلەمانی کوردستان و دوای گفتوگۆکردنی ئەندامانی پەڕلەمان لەسەر ئەو پڕۆژەیاسایە , ناڕەزایەتیەی لە سەرجەم ئەندامانی پەڕلەمان بەرزبۆیەوە سەبارەت بەو مەرج و سزا و کۆتوبەندانەی کە بۆ ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان دانراوە "کەمە" و دەبێت ئەو سزا و کۆتوبەندانە زۆرلەوە زیاتر بکرێت کە لە پڕۆژەیاساکەدا هاتوە , ئەندامانی پەڕلەمان لەگەورە تا بچوکیان ئەو کۆت و بەند و سزا و غرامەکردن و بەستنی زمانی ڕۆژنامەنووسانانیان بە کافی نەزانی بۆیە ئەو بڕیارانەی کەلە پڕۆژەیاساکەدا هاتبون لەسایەی پەڕەماندا قورسترکران و بەتێکڕای دەنگ ، دەنگ لەسەر ئەو پڕۆژە کۆنە پەرستانەیە درا و یەك دوودانە لە ئەندامانی پەڕلەمان کەبەحسابی خۆیان لە هاوپیشەکانیان ئازادیخوازترن دەنگێکی نوزنیان بۆ خۆڵ کردنەچاوی ڕۆژنامەنووسان هەڵبڕی کە نەیتوانی ببێتە مایەی گوێگرتن لێیان .

لەچەند ساڵی ڕابردوودا جامی خەڵکی کوردستان لێی دەڕژا لەسەریە لەسەریەك ناڕەزایەتی بەرێ دەکەوت , تادەهات ئەو ناڕەزایەتیانە بەرفراوانتر دەبۆیەوە و ڕۆژبەڕۆژ ژێرپێی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان خاڵیتر دەبۆیەوە , خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی و هوەها کێشان لە دەسەڵاتدارانی کوردستان و بەردەباران و ڕا پەڕینی یەك لەدوای یەکی خەڵکی کەلار و کفری و ڕانیە و هەڵە بجە و ئاکری و چەمچەماڵ و دەربەندیخان و سلێمانی و دهۆك و هولێر ...... ناڕەزایەتی خوێندکاران بەدەست هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە ڕۆژێك کێشەی داخلی و ڕۆژێك نەبونی هیچ پێداوستیەکی خوێندن و ......, شۆفێران بەدەست نەبونی بەنزین و , هاولاَیان بەدەست گرانی بازاڕ و نەبونی هیچ خزمەتگوزاریەکی سەرەتایی , لاوان بەدەست ئەو جەهەنەمە خێلەکیانەی بەسەریانەوە ڕاگیراوە , قەسابخانەیەك کە بۆژنان دانراوە ........., شاهیدی ئەوڕاستیەن کە جێگەوڕێگەی دەسەڵاتداران لە کامەشوێنی ئەم کۆمەڵگەیەدایە , بەلاَم وەختێك ئەمڕاستیانە ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان دادەگرێت و خەڵکی مودافع لە مافەکانیان دێنە سەرجادە و کۆمۆنیستەکان وەك ڕابەری ناڕەزایەتیەکان بەدیلی خۆیان پیشان دەدەن , دەسەلاَتی لێواری مەرگ دەکەوێتە پەلەقاژەی ئیتیفاقاتی کۆنە پەرستانە وەك دوا وەلاَم بۆ سەرکوتی خەڵك و مانەوەی خۆی , دێن ڕێکەوتنی هەمەلایەنە و ستراتیژی ئەنجام دەدەن لە کۆکتێلێك لە پارتی و یەکێتی و ئەحزابی ئیسلامی و ئەوانی دیکەی گوێڕایەڵی خۆیان بەرەیەك پێك دەهێن بۆ خنکاندنی ئازادی .

ئیسلامیەکان بەمەرجیك ڕێکەوتنی ئستراتیجی ئەنجامدەدەن کە کەس ڕەخنە لە دین و بیرو باوەڕەدواکەوتوەکان نەگرێت , وە نابێت کەس باسی گەندەڵی و دزی و ڕاوڕوت وسەروەت وسامان هەڵوشین و ڕێکەوتن و ساتوسەودای ژێربەژێر نەکەن لەبەر ئەوەی ئەمانە دەچنە بابی هەواڵی نهێنی و پاراستنی ئاسایشی و زڕاندنی ناوی سەرکردەکانیان .

یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەناو ئەم رێکەوتنە ئستراتیجیەوە هاتەدەرەوە بۆ ئەوەی ئەمانە لەڕێگەی یاساوە بەر بەو ناڕەزایەتیانە بگرن و بەیاسای کۆنە پەرستی سوار ملی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بن .

میدیاکان و رۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان بەودەلیلەی کە هۆکاری دیفاع و ناڕەزایەتی بەڕێخستنن, بۆیە لەڕێگەی ئەم جۆرەیاسایەوە ئاستەنگیان بۆ دەهێنرێتە پێشەوە , جابۆیە پێویستە لەسەر تەواوی خەڵکی نارازی کوردسان بێن دیفاع لە ئازادیی بێسانسۆری رۆژنامەوانی بکەن , خەڵکی کوردستان چەندین ساڵە تێکۆشاون و قوربانیانداوە لە پێناوی ئازادیدا , کەچی ئێستا سەندیکا و پەرلەمانەکەی یەکێتی و پارتی بە دەیان سنور و مەرجی کۆنە پەرستانە بۆ ئازادی دادەنێن و زۆر بێشەرمانە لە میدیاکانەوە خەڵی کوردستان بە کۆنە پەرستو دواکەوتو ناودەبەن ( کەریم بەحری )ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لە رێگی ( ڕادیۆی نەوا )وە ڕایگەیاند خەڵکی کوردستان دواکەوتون و یاسای مەدەنی و ڕادیکاڵیان پێ هەزم ناکرێت بۆیە دەبێت یاسایەکی کۆنە پەرستانەیان بۆ ( دابنێین ) .

جابۆیە نە ئەندامانی پەرلەمان و نە پەرلەمان و نە سەندیکا و نە ئەحزابی ئیسلامی بەهیچ شێوەیەك نوێنەری رۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان نین و بەڵکو نوێنەری روتی کۆنە پەرستی کۆمەڵگەن .